# شیرین باوکی غەدری لێدەکات، ژنە دراوسێکەیان دەیسوتێنێت

**بەدواداچونی: سانا ئیسماعیل**

لەم شارەی مندا، کچێکی ڕەنگ ئەسمەری سوور پێستو هەندێ جار ڕەشتاڵە، کە ناوەکەی (شیرین) بوو، کچی یەکەمی خێزانەکەی وەك کورد گوتەنی ( مندالّی نۆبەرە) بوو، ژیانی ئەم کچە بەوە دەست پێدەکات، لە سەرەتای ژیانیەوە، نانرێتە بەر خوێندنو ژیانێکی جیاوازتری دەبێت، لە چاو براو هاوڕێو هاو گەڕەکەکانی، مالّی(شیرین)، مالّێك لە نارۆشنبیریو نەخوێندەواری، پێش ئەوەی دایکی بمرێت بە ماوەی دوو مانگ باوکی هەڵدەستێت بە مارەکردنی ژنێك، لەهەمان کاتیشدا(شیرین)بۆ خۆی بەژن دەدات، بێ ئەوەی دایکیو خۆیشی بزانێت، کە هەرنەبێ پرسێکی سەر زارەکیان پێبکات، پاش مردنی دایکی بە چەند مانگێك باوکی دەست دەکات بە گێرانی زەماوەندو ئاهەنگی بووك گواستنەوە، (شیرین) هەر لەسەرەتاوە رازی نابێت بەو کوڕە کە باوکی لێی مارەکردووە، کە (حەسەن)ی ناوە، بەلاّم بەزۆرلێکردنو فشار خستنەسەری لەلایەن باوكو خزمو کەسوکارەکانیەوە، پاش چەند مانگێك بە ئەو کوڕە رازی دەبێت، لەدوای بە بووك چوونی بۆ حەسەن، ئەو کچە هەست دەکات کە مێردەکەی لەڕووی عەقلّیەوە تەواو نییە، بەکورتیەکەی (دەم نا دەمێك دەیگرێت) جار جارەش هەڕەشەی لێدەکاتو ڕۆژ دوای ڕۆژ حەسەن دەگۆڕێت لەبەرامبەر شیریندا، ئەمەش وایلێدەکات زۆر بیر بکاتەوەو ڕێگا چارەیەك بدۆزێتەوە، بەلاّم ناگاتە هیچ ئەنجامێك تا وا پەرەدەسەنێت کە مێردەکەی ڕۆژانە چەندان جار بەلێدانی جۆراو جۆر لێیدەدات، ئیدی زۆر بەرگە ناگرێت، لەهەمان کاتیشدا ناتوانێت بچێتەوە مالّی خۆیان، لەبەر ئەوەی باوکی زۆر زالّ بووەو کەس نەیتوانیوە قسە بکات لەبەرامبەریدا، (شیرین) تەنیا خوشکێکی بچووکی هەبووە، کە ئەو بیرەی نەبووە کێشەکانی بۆچارەسەر بکاتو دلّی بداتەوەو خەمەکانی خۆی لەلا باس بکات، لەلایەکی ترەوە باوکەکەشی لە زڕ دایکەکەی (باوەژنەکە) دەدات، چونکە کەسێك بوو دەماو دەم دەیگرت، وەك زاواکەی، بەلاّم تۆزێك عاقلّتر بوو..! هەروەها باوەژنەکەش بەنا بەدلّ مێردی بە باوکی (شیرین)کردبوو، لەبەر ئەوەی پیربوو و براکەشی بەزۆری لێی مارە کردبوو، واتا (باوەژنەکەو شیرین) هیچ دەستەلاّتێکیان نەبوو، بەم شێوەیە ژیانیان زۆر ناخۆش دەبێت، بە تایبەتی (شیرین) لەڕۆژانێکی زۆر سەختدا دەژیا، دوای چەند مانگێك دەگەڕێتەوە مالّی باوکیو هەموو ئەو ناخۆشیو ناڕەحەتیانەی لە ژێر دەستی مێردەکەی بەسەری هێناوە هەمووی بۆ باوکی دەگێڕێتەوەو پێ دەلّێت: **" باوکە(حەسەن) زۆر لەگەلّم خراپە، داوای لێبکە لەگەلّم چاك بێت، بە هەر حالّ تۆش غەدرت لە من کرد، چونکە نەتزانیوە ئەوەندە تێرعاقلّ نیە، چۆن منت لە ئەو مارە دەکرد، رۆژێ چەندان جار لێم دەداتو هەڕەشەی کوشتنم لێدەکات." باوکی(شیرین)یش، لەوەلاّما ئەلّێت:" کچی خۆم بێدەنگ بە، ئەمە سەرەتای ژنو مێردایەتیە، خۆشت دەزانی ئەمە ژن بە ژنیەو هەروا دەبێ.! دوایی خۆی چاکدەبێتو دەگونجێن، هەندێکیش هەر خەتای تۆیە کە تۆ ئەو کوڕەت بەدلّ نیە.!"**

بۆیە(شیرین) جارێکی تر دەگەڕێتەوە مالّی مێردەکەیو دوای هاتنەوەی هەر هەمان بەزمو لێدانو جنێو پێدان دووبارە دەبێتەوە لە لایەن مێردەکەی، چارە چیە، کە (شیرین)پەنای بۆ بەرێت؟ بەلاّم لە حەقیقەتدا هیچ پەناگەو ڕێکخراوو دادگایەك لەم وولاّتەدا نییە کێشەکانی بۆ چارەسەر بکەن، لەم کاتانەشدا هەم دەترسێتو هەم شەرم دەکات بچێتەوە مالّە باوکی، کە تازە لەوێ گەڕاوەتەوە، دوای ماوەیەك بەفێلّی ئەوەی خوشکەکەی نەخۆشە، (حەسەن) ئیزنی بداتو بگەڕێتەوە مالّە باوکی، ئەو کاتەی شیرین دەگەڕێتەوە، تازە باوکی لە کارکردن گەڕاوەتەوە، وەکو جاری پێشوو هەمان مەسەلەو حالّی ژیانی خۆی کە رۆژانە پڕ دەبێت لە دەردەسەری لەگەلّ باوکی باسدەدکاتو پێدادەگرێتو بە دەروونێکی پڕ لە ئازاراوە دەلّێت:**" من ناژیم لەگەلّ ئەو پیاوە ئەمە حالّی ژنو مێردایەتی نیە، هەموو ڕۆژێك زیاتر لە ژەمەکانی نان خواردن لێم دەدات، داوای جیابوونەوە(تەلاّق) دەکەم."** کە باوکی ئەمە دەبیستێت، یەکسەر وەلاّمی ئەداتەوەو بەتوندی ئامۆژگاری (شیرین) دەکاتو پێیدەلّێت:**" تۆ ناتوانی ئەو کارە بکەیت، چونکە ژیانی منیشی پێوە پابەندە، ئەگەر تۆ داوای جیابوونەوە(تەلاّق) بکەی، ئەوا منیش**



**دەبێت ژنەکەم (باوەژنەکە) تەڵاق بدەم، ئەمەش مەرجی ئەوان دەبێت‌و من ژیانی خۆم بۆ تۆ ناخۆش ناکەم، جارێکی تریش ئەمە دووبارە نەکەیتەوە.!"** لێرەدا ژیانی (شیرین) دوو ساڵ زیاتر بوو، بەم بارە ناخۆشەدا دەڕۆیشت، هەموو ڕۆژێك کێشە، بێنەو بەردەی تێدا ڕوودەدا، چەند مانگ جارێك (شیرین) لەلای مێردەکەی هەڵدەهات‌و دەگەڕایەوە ماڵە باوکی، یاخود ماڵی خزم‌و کەس‌و کاری، ئەمانیش پەیمانیان لە مێردەکەی وەردەگرت باش بێت لەگەڵی، بەڵام پاش ماوەیەك وەکو خۆی لێ دەهاتەوە، هەتا هەندێ لە برادەرانی شیرین دەڵێن:" **پێش ئەوەی باوکی بۆ خۆی بە ژنی بدات، کوڕێکی خۆشدەویست بەناوی (هێرش) هەر جارەی دەهاتەوە چاوی بەم کوڕە دەکەوت زۆر دڵتەنگ دەبوو، ئەویش بەهەمان شێوە زۆر دڵ غەمگین‌و نامۆ ئەبوو، چونکە بە یەکتری نە گەیشتبوون، بۆیە دیسان پەیوەندی خۆشەویستیان دووبارە کردەوەو پەیمانێکی نوێتری خۆشەویستیان دروستکردەوە، ئەم کارەیان بەردەوام بوو، تا (شیرین) دەیوست ڕۆژێك زووتر بێت لە چارەڕەشی ئەم پیاوە خراپە ڕزگاری بێت، لە پێشدا کوڕەکە ویستی بگات بە(شیرین)، بەڵام باوکی نەیهێشت‌و بەهەرحاڵ ئەو و(هێرش)بۆ یەکتری نەبوون."** ئەو دەستە خوشکانەی بەردەوام دەبن لە قسەکردن‌و بۆ گۆڤاری کوێستان دەڵێن:" **تا دواجار (شیرین) دەکەوێتە ژێر کاریگەری یەك لە ژنە هاوڕێ دراوسێکانی ماڵی باوکی، کە کاتێك هەموو ژیانی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەو مێردە چی خراپە بەسەری هێناوە، تائێستاش لەگەڵ ئەو مێردە ژیانی بردۆتە سەر، کە(شیرین) تەواو دەبێت لە قسەکانی، ژنەکە هانی ئەدات کەوا لە دژی ئەو مێردە ڕابوەستێت بە هەموو شێوەیەك، ئەگەر هەر دادی نەدا، ئەوا خۆی بسوتێنێت‌و پێی دەڵێ دەرباز دەبیت لەو ژیانە دەشسوتێیت‌و ئینجا چاك دەبیتەوە، مێردەکەت وازت لێ دێنێت، ئینجا ماوەیەکی تریش جیائەبیتەوەو شوو بەکەسێکیتر ئەکەیت، کە بەدڵی خۆت هەڵیدەبژێری."** بەمەش (شیرین) هەڵدەخەڵتێت، لە بەرەبەیانێکی زوودا خۆی دەسوتێنێت، پاش چەند ڕۆژێك لە سووتانی، لە نەخۆشخانەیەکی هەولێر گیانی دەردەچێت، بەمەش شیرین بووە قوربانی دەستی باوکی‌و هەڵەخەڵتێنرا لەلایەن ژنە هاوڕێ دراوسێکەیان کە خۆی بسوتێنێت، گۆڤاری کوێستان زیاتر لەو ڕووداوەی کۆڵیەوەو دەرکەوت ئەو کچە لە ئیفادەی دکتۆرو پۆلیس ووتویەتی:" **سوتاوم بە (پریمز)."** بەڵام باوك‌و خوشك‌و براکانی دەڵێن:" **لە ڕقی مێردەکەی خۆی سووتاندووە."** هەر لەو بەدواداچوونە لە دادگای سۆران‌و هەولێر هیچ داوایەك لەسەر مێردەکەی شیرین تۆمار نەکراوەو ئێستا لە شارۆچکەی(چ) دەژێت‌و عەقڵی زیاتری لە دەستداوەو پەشیمان بۆتەوە، کەوای بەسەر (شیرین)ی هاوسەری هێناوەو ئێستا لە ژیانێکی ناخۆشدا دەژێت."

**تێبینی: ئەم چیرۆکە هەواڵە کۆمەڵاتییە ڕاستەقینەیە، لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووە ڕوویداوە تا ساڵی ١٩٩٣ بەردەوامی کردووە، شوێنکاتەکەی لە نێوان( شاری هەولێرو گەڕەکێکی شاری سۆران ) بووە، ناوەکانیشی خوازراون‌و پیتی یەکەمیان هی کەسە ڕاستەقینەکانە.**